# گوزارەی نەوەی دووەمی کورد لەهەندەران

## هەرچی کوردستانەکی وای هەبی ، لەخۆشیان خەنی دەبی

لەسەردانی کوردستان خانەوادەکە سەیرانێکیان رێکخست بۆ یەکێ لەحاویە لمی کەنارەکانی سەر زێ ی بچوک ، پیاهەڵدانی ناوێ لەم رۆژی هاوینە گەرمە دانی ئێوارەکەی هەوایەکی فێنک بەسەرزێ دادەکشا خشەی عەشقێکی ئەفسونی بەقامیشەلانە گەنجشماڵەکان دەکرد بەنازەوە لارەی سەمایەکی مێبەخشی سیحری بەشەنگەبیەکان دەخست ، رەنگەکانی سەوز و شین و خاکی هارمۆنی باڵەفرەی مەل و شەپۆل و خورەی ئاوەکە دەبوون ، رای دەکێشایە دوابازنەی ترۆپکی خەیاڵ ، زوومی سۆمای چاویان بەتریسک و روون دەکردەوە . بۆنی خاکی نیشتمان لەهەرساتێکی ئۆخەی بەرۆح و جەستە دەدا ، لەدوای هەناسەیەکی پاکمژی فێنکاتیەکە راستیەکی بەڵگەنەویستە ئێمە لەخاکی باب و داپیرانین تریەی لێدانی دڵی خاوخۆش هێمن و بەسۆزی ئاسودە دەکردەوە . کامیرای ڤیدیۆکە لای کوری گەورەبوو وا بەلێزانی وێنەی دەگرت لەهۆشی خۆیدا خۆی بەکامیرامانێکی فلیمسازی هۆلیود دەهەستاند ، دەیویست وێنەی هەموو شتێک بگرێ تادەگاتە بارە قورسی ناو ئامێزی مێرووە پاڵەوانەکەی پاشەکشە رووەو شارستان دەچۆوە . ئەهایەکە رووی کامیراکە کەوتەسەر باوکیان کچە بۆ هۆشداری هاواری کرد : لای بە نەکەی وێنەی بابم نەگری ! پرسیان لۆ ؟ گۆتی : کە بچمەوە هەندەران هاورێکانم فلیمەکە دەبینن بابیشم دەربچی نابی چونکە نابی لەوێ کەس بزانی سەردانی کوردستانی کردیە لەبەر مافی پەناهەندەیەکەی ! گەر بزانن لێ ی دەستێننەوە . باوکیش هاتە سەرزاری خێراگۆ: قەینا کچم گەر دیتیان مەڵێ: ئەوە کوردستانە بلێ: ئەوە ئێرانە . کچە بەتورەیی و گرژی گۆتی: جا کو درم دێ وا برێم ئەوە فلیمی کوردستانی منە ئەو دیمەنە جوانەی ئێرە بەهەزار ئێران ناگۆرمەوە ، بەدەم

گۆرانیەوە کەوتەوە ڕوانینی دیمەنەکان دەستی پێکرد: هەرچی کوردستانەکی وای هەبی ... لەخۆشیان خەنی دەبی .

دڵشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com